# حکومەتی کاتی عێراق



## ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندن

## تیشکی ڕۆژنامەوانی

# حکومەتی کاتی عیراق و پروسەی هەلبژاردن

**زانیارییە سەرەکیەکان**

- حکومەتی کاتی عیراق پیکدیت لە سەرۆك کۆمار دوو جیگری سەرۆك کۆمار و هەر وەهـ لەگەل سەرۆك وەزیران کابینەکە بریوەدەبات. سەرۆك کۆمار دەسەلاتی سەرۆکی دەولەتی دەبیٚ سەرۆك وەزیرانیش سەرۆکایەتی ئنجومەنی وزیران و جاودیٚری بەریوەبردنی حوکمەت دەکات.

- هەر وەها حکومەتی نویٚ، ئەنجومەنی نیشتمانی کە پیٚك دیٚت لەو عیٚراقیانەی کە نوینەرایەتی لایەنە جوراوجورەکانی ولاٚتەکە پیٚك دەهینن، دەگریتە خۆ. ئەنجومەنەکە لە لایەن کۆنفرانسیٚکی نیشتیمانیەوە دەست نیشان دەکریٚت کە لە مانگی تموز دەبستریٚت، و بە لایەنی کەمەوە هەزار عیٚراقی لە سەرتاسەری عیٚراق بشداری تیدادەکات.

- حکومەتی کاتی عیراق پیکهاتوە بە گوێرەی پرۆسەیەکی بەرفراوانی راویٚژ کردن لە گەل عیٚراقیەکان، لە وانەش سەرکردە سیاسیەکان، سەرکردە عشائریو دینیەکان و هەروەها کۆمەلە مەدەنیەکان , پروسەکە ل اخزر ئیبراهیمی نیٚردراوی تایبەتی سکرتیٚری گشتی نەتەوەیکرتوەکان لە عیٚراق سەرپەرشتی دەکریٚت :

- لە 30 مانگی حوزەیران دەسەلاتی تەواو دەگوازریٚتەوە بۆ حکومەتیٚکی کاتی عیٚراقی خاوەن سەروەری تەواو. دەسەلاٚتی کاتی هاوپیمانان نامیٚنی و عیٚراقیەکان کاروباری خۆیان بەریوە دەبەن.

- حکومەتی نویٚ کونترولی کاروباری ئاسایش، هیٚزی جەکداری عیٚراقی وهەروەها سەرجاوە سروشتیەکانی عیٚراق دەکات. ئەرکە سەرەکیەکانی بریتی دەبیٚت لە راپەراندنی کاروباری رۆژانەی ولاٚت و ئامادەکردنی عیٚراق بۆ هەلبژاردنەکانی نیشتیمانی.

- یاسای بەریوەبردنی گواستنەوە دەبیتە یاسای ئەم ولاٚتە. یاسای بەریوەبردنی گواستنەوە لیستەیکی میٚژویی ماف بۆ خەلکی عیٚراق دابین دەکات و دەبیتە ریٚ نیشاندەریٚك بۆ دەستوریهەمیشەیی لە سالی 2005

- عیٚراقیەکان ئارەزویان بۆ دەست نیشان کردنی حکومەت روون کردوٚتەوە لە ریٚگای پرۆسەیکی هەلبژاردن بە شیوەیکی دیموکراسی. بە گوێری یاسای بەریوەبردنی گواستنەوە هەلبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ قۆناغی گواستنەوە نابیٚ درەنگتر لە 2005/01/31 بکری.

- دەستەی یارمەتی دانی هەلبژاردنی نەتەوەیکگرتوەکان ئیستا لە عێراقە بۆ رێنمای کردنی گیرگرفتی تەکنیکی سەبارەت بە پرۆسەی هەلبژاردن، بە تایبەتی لە دامەزراندنی کۆمیتەی بیٚ لایەنی هەلبژاردن، یاسای هەلبژاردن، یاسای پارتە سیاسیەکان و ناونوسکردنی دەنگدەرەکان.

- کۆمیتەی بیٚ لایەنی هەلبژاردن لە عێراق (IECI) دەستەیەکی عێراقی بیٚ لایەنە کە جاودێری هەلبژاردن لە عێراق دەکات، و لە سەرەتای مانگی حوزیران دادەمەزریت.

- کۆمیتەی بیٚ لایەنی هەلبژاردن دەستەیەکی ناحکومیە کە پێکهاتوە لە حەوت عێراقی لە گەل عێراقیکی سەروکی کارمەندانی هەلبژاردن هەروەها ئەندامێك کە لە لاین نەتەوەیکگرتوەکان دەستنیشان کراوە و مافی دەنگ دانی نیە.

- پرۆسەی پالاوتن نوینەران بۆ کومیتەی بیٚ لایەنی هەلبژاردن لە 9 مانگی مایس دەست بیٚ دەکات و لە 15 مانکی مایس دادخرێت.زیاتر لە 1800 فۆرمی پالاوتن وەرگیرایە. دامەزراندنی کۆمیتەی بیٚ لایەنی هەلبژاردن تەواو کەری یەکەم هەنگاو بەرو هەلبژاردنەکانی ئازادو دادوەرانەیە.

- هەنگاوی دواتری برۆسەکە رەشنوس کردنی یاسای هەڵبژاردنە کە باس دەکات لەوەی ئاخو عێراق کام سیستەمی هەلبژاردن بە کاردەهێنی. کە جاوەروان دەکریت تەواو بێت لە کوتایی مانگی حوزیران.

حکومەتی کاتی عیراق

**ڕاستیە سەرەکیەکان**

پێکهاتەی حکومەتی کاتی

- حکومەتی کاتی عیراق لە ژێر سایەی ئەو پێکهاتە یاساییە کاردەکات کە لە لایەن یاسای بەرێوەبردنی کاتیەوە دامەزراوە و پاشکۆش دەگرێتەوە.
- حکومەتی کاتی عیراق لە سەرۆکێك ودوو جێگری سەرۆك و سەرەك وەزیرانێك کە سەرکردایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، پێك دێت. هەروەها حکومەتی تازە ئەنجوومەنی نیشتمانیش دەگرێتەوە کە لەو کەسە عیراقیانە پێك دێك کە نوێنەری شوێنە جیا جیاکانی وولاتەکەیانن.

**سەرەك وەزیران و کابینە**

- سەرەك وەزیران وەك بەرپرسی ڕاپەڕاندن لە حكومەتی تازە خزمەت دەكات. ئەو (سەرەك وەزیران) بە شێوەیەكی گشتی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژ بە ڕۆژی عیراق و هەروەها لە پرۆسە گرنگەكەی خۆئامادەكردن بۆ هەڵبژاردنەكانی دیموكراسی لە كانوونی دووەمی 2005 بەرپرسیارە. وەزیرەكانی عیراق، ئەوانەی چاودێری بەشەكانیان لە ئەستۆدایە، ڕاپۆرت بۆ سەرەك وەزیران ڕەوانە دەكەن.
- سەرەك وەزیران دەسەڵاتی هەیە بڕیار بدات یان حوكمی دادوەری دەربكات كە خاوەن هێزی یاسایە، بە ڕەزامەندی تێكڕای ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی كە نوێنەرایەتی سەروەری عیراق دەكات وهەروەها چاودێری كاروباری باڵای وڵات دەكات. هەروەها بوونی كارێكی ڕەسمی، ئەنجوومەنی سەرۆكایەتی خاوەن دەسەڵاتی (ڤیتۆ)یە لە جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانەی كە لە لایەن سەرەك وەزیرانەوە دەدرێن.

**لیژنەی ئامادەكاری كۆنگرەی نیشتمانی و ئەنجوومەنی نیشتمانی**

- لیژنەی ئامادەكاری لە گرۆپێكی (60) كەسی پێك دێت كە سەركردە ڕێزدارەكانی عیراقن. ڕۆڵی ئەم لیژنەیە بریتیە لە بانگهێشت كردن بۆ بەستنی كۆنگرەیەكی نیشتمانی بە لایەنی كەمەوە (1000) كەس تیایدا بەشدار بێت، بۆ ئەوەی لە دیالۆگێكی ڕاستەقینەی نیشتمانی لەسەر بەرەنگاریەكانی وڵات بەشدار بن. كۆنگرەی نیشتمانی لە مانگی (7) دەبەسترێت و عیراقیەكان بەیەكەوە كۆدەكاتەوە كە نوێنەری گشت هەرێم، پارتە سیاسییەكان، سەرۆك هۆز، یەكێتیە پیشەیی و بازرگانیەكان، زانكۆكان وسەركردە ئاینیەكان هەروەها نوێنەری زۆر خەڵكی تردا ئامادە دەبن تیایدا.
- كۆنگرەی نیشتمانی، ئەنجوومەنێكی نیشتمانی هەڵدەبژێرێت. ئەنجوومەنی نیشتمانی یارمەتی و چاودێری حكومەت دەكات، (خاوەن دەسەڵاتی زۆر زیاترە كە لە پشكۆی یاسای بەڕێوەبردنی كاتیدا دیاریكراوە). دەتوانێت لیژنەكان پێك بهێنێت كە ڕاپۆرت لە وەزیرەكان وەردەگرن.

دەسەڵاتەكانی حكومەتی كاتی

- حكومەتی كاتی كە لە 30 حوزەیران دەسەڵات دەگرێتە دەست سەروەری تەواوی خۆی دەبێت. سیاسەتی ئاسایش، هێزەكانی چەكداری عیراق و سەرچاوە سروشتیەكانی عیراق لە ژێر ڕكێفی حكومەتی كاتیدا دەبن. حكومەتی كاتی دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت ڕێكەوتنە نێو دەوڵەتیەكان ببەستێت لە بوارەكانی بنیاتنانەوەی ئابووری كە قەرزی سەروەری عیراق دەگرێتەوە. هەرچەندە، دەسەڵاتی ئەوەی نیە یاسای بەڕێوەبردنی كاتی بگۆڕێت یان ئەو ڕێكەوتنانە ئەنجام بدات كە حكومەتێكی هەڵبژێردراوی داهاتوو دادەنێت یان كار بكاتە سەر چارەنووسی درێژخایەنەی عیراقەوە. گەلانی عیراق ئەوەیان ڕوون كردۆتەوە كە تەنیا حكومەتێكی هەڵبژێردراو دەبێت خاوەن دەسەڵاتێكی لەم شێوەیە بێت.

- حکومەتی کاتی لە ژێر سایەی ئەو یاسایانەی کە لە یاسای بەڕێوەبردنی کاتیدا پێناسە کراوە کاردەکات. یاسای بەڕێوەبردنی کاتی لیستێکی مێژوویی مافەکان پێشکەش بە گەلی عیراق دەکات و هەروەها نەخشەیەکی ڕێگا بۆ دەستوورێکی هەمیشەیی لەساڵی 2005 دابین دەکات.
- چۆن حکومەتی کاتی پێك دەهێنرێت؟
- نێردراوی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕێز (ئەخزەر ئیبراهیمی) لە شوباتی 2004 سەردانی عیراقی کرد.
- ئەرکی ئەخزەر ئیبراهیمی بریتی بوو لە ئامۆژگاری کردن دەربارەی ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە دوای 30 ی حوزەیران 2004 کە دوا کاتی گەڕانەوەی سەروەری و کۆتایی هاتنی داگیرکاریە. دوای ئەم سەردانە ئەو ڕاستیەی دۆزیەوە، تیمێك لە شارەزایانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە یاوەری ئەخزەر ئیبراهیمی، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئازاد و دادپەروەرانە هەر لە دەستپێکی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کەمترین ماوە (8) مانگە.
- ئەنجوومەنی حوکم ودەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەبەر ئەمە بانگهێشتی بەڕێز ئیبراهیمی کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕاوێژکاری لەگەڵ گەلی عیراق بکات و یارمەتیان بدات هەر هەموویان لە چوار دەوری حکومەتێکی کاتی بنیات بنێن کە دەتوانێت تاوەکو هەڵبژاردنەکانی دیموکراسی خزمەت بکات کە نابێت لە دوای کانوونی دووەمی 2005 بێت.
- لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بەڕێز ئیبراهیمی خەریکی ڕاوێژکاری چڕوپڕ بووە لەگەڵ عیراقیەکان لە سەرتاسەری عیراقدا: لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکان، سەرکردە ئاینیەکان، کۆمەڵ و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان، یەکێتیە بازرگانیەکان، زانکۆکان، گروپەکانی ئافرەتان بۆ بانگهێشت کردنی کەمێك. بەڕێز ئیبراهیمی دەرفەتی ئەوەی هەبوو لە نێو عیراق سەردانی موسڵ، هەولێر و بەسرە بکات لە هەرێمی بەرفراوانتردا. بۆی ئاشکرا بوو کە خەڵکی عیراق لە ئارەزووەکانیان ڕوون و ئاشکرا بوون کە دەبێت حکومەتی کاتی لە خەڵکی بەشەرەف و بە توانا بن کە حکومەتی کاتی وەك حکومەتێکی خەمخۆر تاوەکو هەڵبژاردنەکانی دیموکراسی خزمەت بکات.
- لەم ڕاوێژکاریانەوە، تێکڕاییەك لە چوار دەوری ئەو پاڵێوراوانە دەردەکەوێت کە ئەمڕۆ بۆ پۆستەکانی سەرۆك، جێگری سەرۆك، سەرەك وەزیران، وەزیرەکان نێو حکومەتی کاتی ئاشکرا دەکرێن. هەر هەموو بۆ خزمەت کردنی وڵاتەکەیان لەم چەند مانگەی داهاتوودا، بە بێ گرنگیدان بە بەرژەوەندی حیزبایەتی و تاکەکەسی پەیمانیان داوە بە چاکترین شێوە تواناکانی خۆیان بخەنەگەڕ. گرنگترین ئەرکی ئەوان بریتیە لە ئامادەکردنی عیراق بۆ ئەو هەڵبژاردنانەی کە بڕیارە لە کانوونی دووەمی ساڵی 2005 ئەنجام بدرێت، کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی دیموکراسی.

## راستەی سەرەکییەکان

**پیشەکی:**

- هەڵبژاردنەکان ڕێگایەکە بۆ دروست بوونی عێراقێکی دیموکراتی تەواو. پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەن هاوڵاتیانی عێراقی ئەنجام دەدرێت بەم جۆرە هەڵبژاردنەکان دەبنە هەڵبژاردنی خەلکی عێراق کۆمەڵگای نێو دەولەتی پشتگیری تەواوی ئەو پرۆسە عێراقیەی دەکات و سوپاسی بەژداری کردنی نەتەوەیکگرتوەکان بە مەبەستی بەشداری کردن لەم پرۆسەیە دا بە دابین کردنی هەمو ئاسانکاریەك.
- عێراقیەکان خواست و ئارەزویان ڕۆن کردوتەوە بۆ دەست نیشانکردنی حکومەتەکەیان لە ڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسیانە. بەپیێ بەندی (30) مادەی (د) لە یاسای بەڕێوەبردنی کاتی، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ قۆناغی گواستنەوە نابی لە 2005/01/31 درنگتر ئەنجام بدرێت.

**ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتوەکان**

- لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی فەرمانڕەوای و دەسەلاتی کاتی هاوپێمانان لە مانگی نیسانی 2004، دەستەیەکی یارمەتی دەری نەتەوەیکگرتوەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بە سەرۆکایەتی خاتو (کارینا پێریلی) سەردانی دووەمی خوی بۆ عێراق دەستپی کرد.
- سەردانی خاتوو پێریلی بە مەبەستی راوێژ کردن لە گەل سەرکردەکانی عێراقی سەبارت بە کیشەکانی تەکنیکی کە پیوندی دارن بە پرۆسەی هەڵبژاردن، بە تایبەتی دامەزراندنی کۆمیتەی بیێ لایەنی هەڵبژاردن، یاسای هەڵبژاردن، یاسای پارتە سیاسیەکان و ناونووسکردنی دەنگدەران.

**کۆمیتەی بیێ لایەنی هەڵبژاردن لە عێراق**

- تیمی نەتەوەیکگرتوەکان تاکو ئیستا پیشکەوتنیکی گرنگی بەدەست هیناوە. کۆمیتەی بی لایەنی هەلبژاردن لە عێراق ریکخراوێکی عێراقی بی لایەنە کە چاودێری چونیەتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دەکات ولە سەرەتای مانگی حوزەیران دادەمەزرێت.
- کۆمیتەی بیێ لایەنی هەلبژاردن دەستەیەکی ناحکومیە کە پێکهاتوە لە حەوت عێراقی لە گەل عێراقیکی سەروکی کارمەندانی هەلبژاردن هەروەها ئەندامێك کە لە لاین نەتەوەیکگرتوەکان. ئامادەبوونەکەی بردەوامە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی مانگی کانونی دوومی سالی 2005، ریفراندۆم لە سەر دەستوور و یەکەم هەڵبژاردن لە ژێر دەستوری نوی.

**پرۆسەی دەستنیشان کردن بۆ کۆمیتەی بی لایەنی هەڵبژاردن لە عێراق**

- پرۆسەی پالآوتنی نوێنەرانی کۆمیتەی بی لآیەنی هەڵبژاردن لە عێراق لە مانگی مایس دەست پی دەکات سندوقەکانی داخراو و پارێزراوی پالآوتنی نەتەوەیکگرتوەکان داندراوە لە هەموو شوینەکانی ولآت دا لەو شوێنانە کە عێراقیەکان بتوانن بە ئاسانی دەستیان پی بگات. فۆرمەکان دانراون لە فەرمانگەکانی حکومی، نووسینگەی CPA، کتیبخانەکان و قوتابخانەکان و هەروها دەتوانیت لە ئینتەرنێتیش دابەزینیت. تەنیا هاولآتیانی عێراقی مافی خۆ پالآوتنیان هەبۆ کە خزمەت بکەن وەك کۆمیسەر. پرۆسەی پالآوتن لە 15 مایس داخرا.
- تا ئەو کاتە زیاتر لە 1800 فۆرمی داواکاری بە دەست گەیشتوە کە لە لاین عێراقیەکانەوە کە لە 18 پاریزگەکانی عێراق نێردراوە. فۆرمی داواکاریکان دەستنیشان کراوە لە لاین دەستەی نەتەوەیکگرتوەکان و لیستەیەکی کورتکراوی 20 ناوی هەلگیراوە.
- گروپیکی نەتەوەیکگرتوەکان بۆ چاوپێکەوتن (مقابلە) لە 22 مایس گەیشتە عێراق. گروپکە لە لاین دادوەر (یوهان کریگلەر) سەرپەرشتی دەکرێت کە ناوبراو سەرۆکی کۆمیتەی هەڵبژاردنی ئەفریقای باشور بوە لە هەلبژاردنی سالی 1995 کە جیاوازی رەگەزی (ئەپارتاید)ی کۆتایی پی هێنا. گروپەکە چاوپێکەوتنی کرد لە گەل 20 پالێوراوەکەی ناو لیستەکە بۆ کۆمیتەی بیَ لایەنی هەلبژاردن لە عێراق (IECI) لیستیکی ناوی 15 پالێوراو بە ئەنجومەنی فەرمان رەوایی پێشکەش دەکات. ئەنجومەنی فەرمانرەوای پلە ئەدا بە پالێوراوە پەسند کراوەکان وبریاری کوتای لە لاین نەتەوەیکگرتوەکان دەدرێت.
- دامەزراندنی کۆمیسیونەکە تەواوکەری یەکەم هەنگاوە کە بە لاینی کەمەوە پرۆسەیەکی 8 مانگیە کە پیویستە بۆ هە لبژاردنیکی ئازادانەو عادیلانە کە دەبیَ تا کۆتای مانگی کانونی دوومی 2005 ئەنچام بدرێت.

**یاسای هەڵبژاردن**

هەنگاوی دواتری برۆسەکە رەشنوس کردنی یاسای هەڵبژاردنە کە باس دەکات لەوەی ئاخو عێراق کام سیستەمی هەلبژاردن بە کاردەهێنی. تیمی یارمەتیدەری هەڵبژاردنی نەتەوەیکگرتوەکان لەگەل رای گشتی لاینە جیاجیاکانی عێراقی راوێژی کردوە لە نێوانیان دا سەرکردە سیاسیەکان، گروپی ئافرتان و کومەلە پیشەیەکان ، دەربارەی ئەم مەسەلانە. یاسای هەڵبژاردن چاوەروان دەکریَ تەواو بەبێت لە کۆتایی مانگی حوزەیران.

**سکێچی ژیاننامە**

سەروکی عێراق

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

جیگری سەروکی عێراق

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنیشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

جیگری سەروکی عێراق

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

سەروك وەزیرانی عێراق

د. ایاد علاوی

د. ایاد علاوی، عەربیکی شیعەیە، دکتوریی میشکە و کارامەیە لە کاروباری دارایی (بزنێسمان) و لە 1970 کانەوە دەژایەتی خوی دژی رژیم دەست پی کرد. ئەم کردەوەیە بوە هوی تورەبوونی صدام حسین، کە پیاوەکانی تەور بە دەستی خوی نارد بۆ هیرش بردنە سەر علاوی لە کاتیکە کە لە مالی خزمیکی دا خەوتبو. لە دوای رزگار بوونی لەم هیرشە ترسناکە دکتۆر علاوی لە سەر هەولی خوی بەردەوام بوو و بە هاوکاری لە گەل کەسانی تر ریکەوتنی نەتەوایەتی عێراقی دامەزراند کە لە سالی 1996 هەولی کودەتایکی دا بۆ لابردنی صدام لەم دوایە ئەندامیکی سەرکردایتی ئەنجومەنی فەرمانرەوای عێراق و سەروکی کۆمیتەی ئاسایشی بۆ لە دایك بوی سالی 1945.

وەزیری کشتوکال

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

وەزیری گەیاندن

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

وەزیری رۆشنبیری

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری بەرگری

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری ئاوارەو کۆچ کردن

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری پەروەردە

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری کارەبا

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری ژینگە

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری دارایی

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری کاروباری دەرەوە

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری تندروستی

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پیویستە

وەزیری خوێندنی باڵا

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری نشتەجی کردن و بیناسازی

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری مافی مرۆڤ

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری پیشەسازی و کانزاکان

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری ناوخوو

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری داد

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری کار و کاروباری کومەڵایەتی

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری شارەوانی و ئەشغال

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری نەوت

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری پلاندانانو گەشەپێدان

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەڵ ژیاننامە پێویستە

وەزیری زانست و تکنولوژیا

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

وەزیری بازرگانی

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

وەزیری گواستنەوە

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

وەزیری وەرزش و لاوان

ناوەکە لێرە بنوسە

- ناوی دەستنێشان کراو لە گەل ژیاننامە پیویستە

## ئەو پرسیارانەی کە بە بەردەوامی دەکرێن

جیاوازی نێوان حکومەتی کاتی و حکومەتی ئینتقالی کە لە یاسای کاتی بەڕێوەبردن باسکراوە چیە (TAL) ؟

- حکومەتی کاتی لە 30 حوزەیران دەسەلات دەگریتە دەست. تەنیا بۆ ماوەی 7 مانگ خزمەت دەکات، تا ئەو کاتەی حکومەتیکی ئینتقالی نوی دەست نیشان دەکرێت لە ڕێگای پرۆسەیەکی دیموکراسی هەلبژاردن کە دەبی بە زوترین کات ئەنجام بدرێت و نابیَ درنگتر لە 2005/01/31 بێت.
- حکومەتی ئینتیقالی دەست نیشان دەکرێت لە لاین عێراقیەکانەوە بە ڕێگای پرۆسەیەکی ڕاویژکاری کە سەرپەرشتی دەکرێت لە لایەن نەتەوەیکگرتوەکانەوە، تا ئەو کاتەی کە حکومەتی ئینتقالی هەلّدەبژێردرێت.

**مەبەست چیە لە کۆمبوونی کۆنفرانسی نیشتمانی؟**

- هەروەك بەڕێز براهیمی گوتی لە راپۆرتەکانی بۆ سکرتێری گشتی لە 27ی نیسان , کە گەلێك لە عیراقیەکان پێشنیاری سازکردنی کونفرانسێکی نیشتمانی کردووە کە بە لای کەمەوە لە 1000

کەس پێك بێت, کە دەبێت ببەسترێت بۆ بەشداریکردن لە دیالۆگێکی نیشتمانی راستەقینە (حقیقی) دا لەسەر ئە بەرەنگاریانەی کە لەسەر وڵاتن.کۆنفرانسە نەتەوەیی‌یەکە عیراقیەکان کۆدەکاتەوە " کە نوێنەرایەتی هەموو هەرێمەکانی وڵات و هەموو پارتە سیاسیەکان و سەرکردەو سەرۆکەکانی هۆزەکان و یەکێتی‌یەکانی بازرگانی و پیشەیی و زانکۆ و گروپەکانی ئافرەتان و رێکخراوەکانی لاوان و نووسەران و شاعیران و هۆنەرمەندان هەروەها سەرکردەکانی ئایینی و گەلێکی تر".

- کۆنفرانسی نیشتمانی لە لایەن کۆمیتەیەکی ئامادەکاری سازدەکرێ کە لە 60 کەس پێك دێت. ئەو کۆمیتەیە کار دەکات بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە کێ پێویستە بچێتە ئەو کۆنفرانسە, کەی و لە کوێ ببەسترێ و چۆن بەڕێوە ببرێ . ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی کە نابنە ئەندامی حکومەتی ئینتقالی عیراقی, کەسانی شیاون بۆ کارکردن لەسەر کۆمیتەی ئامادەکاری. بۆ ئەوەی کارەکەی بەشێویەکی گونجاو ئەنجام بدات, کۆمیتەکە پێویستی بە 1-2 مانگ دەبێ بۆ ئەوەی راوێژکاریەکی بەرفراوان بکات لەسەرانسەری وڵاتدا , واتە کۆنفرانسی نیشتمانی لە مانگی تەموزدا کۆدەبێتەوە.
- کۆنفرانسی نیشتمانی عێراقیەکان دەستنیشان دەکات بۆ خزمەت کردن لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کە رێنمایی و چاودێری حکومەتی کاتی دەکات

## چ پێکهاتەیەکی ئیداری دانراوە بۆ پشتگیری کردن لە حکومەتی نوێ؟ هاوپەیمانان چ پشتگیریەك پێشکەش دەکات؟

- حکومەتی نوێ ئۆفیسەکانی خۆی لە نێو باڵەخانەی پێشووی ئەنجوومەنی فرمانڕەوایی دەبێت. حالی حازر پارە دانراوە لەنێو بودجەی حکومەتی عیراقی بۆ دابین کردنی تێچووەکان و ئاسایش و ....هتد. وەزارەتەکانی حکومەت لەنێو باڵەخانەکانی خۆیان دەمێننەوە کە ئێستا لە ناون. وڵاتانی هاوپەیمانان و وڵاتانی بەخشەر ئامادەن بۆ دابینکردنی یارمەتی تەکنیکی بۆ حکومەتی نوێ , بەڵام تەنها ئەو یارمەتی‌یە لەو کاتەدا دابینی دەکەن گەر داوا کرا.

**کەی حکومەتی نوێ دەسەڵات دەگرێتە دەست؟**

- حکومەتی کاتی عیراقی لە 30ی حوزەیران دەسەڵات دەگرێتە دەست. بە دریژایی مانگی حوزەیران سەرقال ئەبێت بە گەیشتن لەگەل عیراقیەکان لە سەرتاسەری وڵاتەکە دا لە پیناو دانانی دانانی ئجندەی (کارنامە) بۆ ئەو کاتەی کە دەسەڵات دەگرێتە دەست و بەرپرسیارەتی تەواوی دەبێ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری عێراقیەکان.

- تا ئیستا 14 وەزارەت گواستراوتەوە بۆ ژێر کونترۆلی تەواوی عێراقیەکان.

**چۆن یاسای کاتی بەڕێوەبردن حکومەتی کاتی عێراقی بەڕێوەدەبات؟**

یاسای کاتی بەڕێوەبردن چوارچێوەیکی یاسایی بۆ حکومەتی کاتی عێراق. دریژەپیدانی ئامادە کاریکە دەربارەی حکومەتی کاتی عێراقی لە پاشکوی یاسای کاتی بەڕێوەبردن دایە.

**کێ پاشکۆی یاسای کاتی بەڕێوەبردن ئیمزا دەکات؟**

{بالۆیز بریمەر پاشکۆی یاسای کاتی بەڕێوەبردن ئیمزا دەکات. سەبارەت بە یاسای کاتی بەرێوەبردنی دەولەت لە قۆناغی گواستنەوەدا , پاشکۆیەکە خۆی لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیە هاتووە کە ئەنجامدراوە لە نێوان سەرکردەکانی عیراق}

**چی بەسەر ئەنجوومەنی فرمانڕەوایی دێت؟**

- ئەنجوومەنی فرمانڕەوایی هەنگاوێکی مێژوویانەی هاوێشت کاتێ بە شێوەیەکی خۆبەخشانە بڕیاری هەلوەشاندنەوەخۆی دا کاتێ حکومەتی عیراقی نوێ رادەگەیەنرێ, و رێگەدان بە حکومەتی کاتی عیراق بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەرپرسیارێتی راپەڕاندنی کارەکان بە شێوەیەکی تەواو لە 30ی حوزەیران.
- یان هەر وەکو لە رێکەوتننامەی 15 مانگی تشرینی دووەم و یاسای کاتی بەڕێوەبردن دا هاتوە، ئەنجومەنی فەرمانرەوایی لە 30 حوزەیران کۆتای پی دێت.

**ئایا ئەو حکومەتە کاتیە بە شێوەیەکی راستەقینە نوێنەرایەتی دەکات؟**

هەروەك بەرێز براهیمی گوتی, کە تاکو هەڵبژاردنە دیمۆکراتی‌یەکەی بەرنامە بۆ دانراو لە مانگی کانوونی دوومی 2005 ساز دەکرێ, " بە پێی پێناسە هەر پێکهاتەیەکی فرمانڕەوایی کە هەبێت کەمتر لە نوێنەرایەتی‌یەکی تەواو دەکات ". بەڵام زۆرینەی عیراقیەکان کە بەرێز براهیمی قسەی لەگەڵ کردوون کوتیان کەوا ئەوان حەزیان لیە لە دامەزراندنی حکومەتیکی کاتی کەوا دەسەلاَت لە 30 حوزەیران بتوانری بۆی بگوازریتەوە و خزمەت بکات تاکو هەڵبژاردن دەکرێت. حکومەتەکەی نوی کاتی دەسەلاَت دەگرێت دەست تەنیا تاکو هەڵبژاردنەکانی دیمۆکراتی لە کانوونی دووەمی 2005 سازدەکرێ.

حکومەتی کاتی لەرێگەی پرۆسەیەکی بەرفراوانی راوایژکاری لەگەڵ چینە بەرفراوانەکانی عیراقی لە رێگەی وەرگرتنی بیروبۆچوونەکانیان هاتۆتە کایەوە. ئەمە نوێنەرایەتی بەرفراوانی بیروبۆچوونی عێراقیەکان دەکات

هەروەها ئەنجوومەنی نیشتمانی پرۆسەی نوێنەرایەتی بەرفراوان دەکات لە قۆناغی گواستنەوەدا تا هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت.

رۆلی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە پێکهیناننی حکومەت چی بو؟

- پرۆسەی هینانەدی هاودەنگی لە لایان عێراقیەکانەوە جیٚ بە جیٚ کراوە و لە لایان نەتەوە یەککرتوەکانەوە ئاسانکاری بۆ کراوە.
  دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بە بەردەوامی لە پرۆسەکە ئاکادار کراوەتەوە.

**ئایا سەرەك كۆمار، دوو جێگرەکەی سەرەك كۆمار، وە سەرەك وەزیران دەتوانن خۆیان هەڵبژێرن بۆ پۆستەکەیان لە هەڵبژاردنی مانگی کانونی دووەمی 2005؟**

- بەڵیٚ

ئایا چی رودەدات لە 30 حوزیران؟ وە ئایا حکومەتی کاتی سەروەری تەواوی دەبێت؟

لە 30 مانگی حوزیران حکومەتی کاتی عێراقی سەروەرِی تەواو ئەگرێتە ئەستۆ وە بەرپرسێارەتی تەواوی دەبی بۆ راپەراندنی ئیش و کاری عێراق. دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەڵدەوەشێتەوە وە داگیرکردن کوتایی پیٚ دیٚ، هەر چەندە هێزی فرە نەتەویەکان دەمینەوە بۆ پاراستنی ئاسایش.

**کیٚ کونترۆڵی هێزەکانی چەکداری عێراقی، پۆلیس وە ICDC دەکات؟**

- حکومەتی کاتی عێراق.

**ئایا حکومەتی کاتی عێراق کونترولی دەبیٚ لە سەر دەرامەتە نەفتیەکان و سەرچاوە سروشتیەکانی عێراق؟**

- بەڵی.

**ئایا پەیوەندی نێوان حکومەتی کاتی عێراق (IIG) وە هێزی فرە نەتەوەیی (MNFI) لە عێراق چی دە بیٚ؟**

- 

# ژیاننامە

## شێخ غازی عەجیل ئەلیاوەر-سەرۆك كۆماری عێراق

**شێخ غازی عجیل ئەلیاوەر, تەمەنی 45 ساڵەو ئەندام بوو لە ئەنجوومەنی حوكم, لەمووسڵ لەدایك بووە. زاوای سەرۆكی عەشیرەتی شەممەرە كە گەورەترین عەشیرەتن لە عێراقدا. ئەندازیاری شارستانیە. لەم دواییەدا جێگری سەرۆكی كۆمپانیای تەكنۆلۆژی (هایكەپ) بوو لە ریاز لە عەرەبستانی سعوودی.**

## دكتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەری-جێگری سەرۆك كۆمار

**دكتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەری, لەساڵی 1947 لە شاری كەربەلا لەدایك بووە. بە ڵگەنامەی بەكالۆریۆسی لە بواری پزیشكی لە زانكۆی موسڵ بە دەست هێناوە. لە ساڵی 1966پەیوەندی كردووە بە ڕیزەكانی بزاڤی حیزبی دەعوە (حركة الدعوة)و بووە بە وتەبێژی ڕەسمی بزوتنەكە. بزاڤی حیزبی دەعوەی ئیسلامی (كەكۆنترین بزوتنەوەیئیسلامیە لە عێراقدا) لە كۆتایی پەنجاكاندا لەسەر بناغەی ئەنجامدانی چاكسازی لەبیری ئیسلامی و نوێكردنەوەی دەزگا ئاینیەكان دامەزراوە. ئەم حیزبە لەساڵی 1980 لەلایەن سەدام حسێنەوە قەدەغەكرا, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە دكتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەری ناچاربێت بڕوات بۆ ئێران و پاشان لە ساڵی 1989 بۆ لەندەن. ئەندام بوو لە ئەنجومەنی حوكمی عێراقدا.**

## دكتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس-جێگری سەرۆك كۆمار

**دكتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس, سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان و نوێنەری بەڕێز مەسعود بارزانی لە ئەنجومەنی حوكم لە هاوینی ساڵی 2003 وە. سەرۆك وەزیرانی حكومەتی كوردستان ئیدارەی هەولێر بوو لە نێوان ساڵانی 1996–1999 كەپاشان وازی هێنا بۆئەوەی ببێت بە سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان. لەماوەی كاركردنی وەك سەرۆكی حكومەتی هەرێم هەندێك گۆڕانكاری یاسایی گرنگی كرد دەربارەی مافەكانی مندالان و ئافرەتان كە پێشتر لەسەردەمی سەدامدا ئەو مافانە ڕێگایان پێ نەدرابوو. كاتێك لەئەڵمانیا قوتابی بوو, لێپرسراوی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بوو.دوایی لەساڵی 1975 گەڕایەوە بۆ عێراق بوئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشی كوردەوە بكات. لەپاش كشانەوەی هێزەكانی سەدام حسێن لە ساڵی 1991, بوو بە جێگری سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هاوبەشی هەرێمی كوردستان. لە ساڵی 1947 لەدایك بووەو دكتورای هێناوە لەئەندازیاری كە لە ئەڵمانیابوو.**

## دكتۆر ئەیاد عەلاوی-سەرۆك وەزیران

**دكتۆر ئەیاد عەلاوی دەرچووی كۆلێژی پزیشكی زانكۆی بەغدایە، ماستەری لە زانستی پزیشكی وەرگرتوە لە زانكۆی لەندەن لە ساڵی 1976, وە دكتۆرای پزیشكی وەرگرتوە لە هەمان زانكۆ لە ساڵی 1979. دكتۆر ئەیاد عەلاوی، دكتۆری مێشكە و كارامەیە لە كاروباری بازرگانی دا .لە ساڵی 1971 دژایەتی خۆی**

دەستپێکرد دژی رژێمی پێشو کاتێك کە چوو بۆ بەیرووت. لە ساڵی 1972 بەیروتی بەجێ هێشت بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندن لە بەریتانیا. راوێژکار بوو لە بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و UNICEF . پاش ڕزگاربوونی لە هێرشێکی ترسناکی تیرۆرکردن کە سەدام حوسێن فەرمانی پێکردبوو, دکتۆر عەلاوی لە سەر هەوڵی خویٚ بەردەوام بوو لە دژایەتی کردنی رژێم. بە هاوکاری لەگەڵ کەسانی تر(ڕێکەوتنی نەتەوایەتی عێراقی)(الوفاق الوطنی العراقی)دامەزراند، کە لە ساڵی 1996 هەوڵی کودەتایەکی‌دا دژی سەدام. ئەندامی ئەنجومەنی حوکمی عێراق و سەرۆکی (کۆمیتەی ئاسایش)بوو. لە ساڵی 1945 لە بەغدا لە دایك بوە.

## دکتۆر بەرهەم ساڵح-جێگری سەرۆك وەزیران

دکتۆر بەرهەم ساڵح, لەم دواییەدا سەرۆکی ئیدارەی هەرێم بوو لە سلێمانی. لە ساڵی 1960 لەدایك بووە لە کوردستانی عێراق. لە ساڵی 1976پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. دوو جار گیراوە لەلایەن پۆلیسی نهێنی عێراقەوە. هەرچەندە ناچارکرا لە بەندیخانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدات, بەڵام توانی بەرزترین پلە بەدەست بهێنێت. لەساڵی 1979عێراقی بەجێهێشتووە . وە لە ماوەیەکی کەمدا بووە بە ووتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لەندەن. لەبەر ئەوەی لە ساڵی 1991 هەڵبژێردرا بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕۆیشت بۆ واشنتن DC و بۆ ماوەی 10 ساڵ وەك نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا کاری کرد. بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسی هێناوە لە ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی کاردیف و دکتۆرای هێناوە لە ئامارو نەخشەکێشانی کۆمپیوتەری لە زانکۆی لیڤەرپوڵ.

## دکتۆر سەوسەن علی ماجد ئەلشەریفی-وەزیری کشتوکاڵ

دکتۆر سەوسەن عەلی ماجد ئەلشەریفی, بریکاری وەزیری کشتوکاڵ بوو. لەساڵی 1956 لە بەغدا لەدایك بووە. وەك بریکاری وەزیر, داوای لێکرا کە بەرنامە ڕێژی بکات بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و مسۆگەربوونی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی بەپێز لە ئەنجومەنی وەزارەتەکان و بەرنامەکانی بەرهەمهێنانی نیشتمانی. هەروەها ئەڵقەی پەیوەندی نێوان وەزارەت و (ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکی) و (دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان)و(بانکی نێودەوڵەتی بۆ بوژاندنەوەو گەشەپێدانی کشتوکاڵ) بوو. بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسی لە بواری بەرهەمی ئاژەڵی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و بەڵگەنامەی ماستەرو دکتۆرای لە بواری پەروەدەکردنی ئاژەڵ لە زانکۆی لوا ستەیت وەرگرتووە. پاش ئەوەی لە ساڵی 1984 گەڕایەوە بۆ عێراق, پلەی بەرزی (لێکۆڵەری زانستی) لە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە زانستیەکان وەرگرت. لە ساڵی 1990 بوو بە (لێکۆڵەری پێشکەوتوو) لە پەروەردەکردنی ئاژەڵدا, سەرەتا لە ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوە کشتوکاڵیەکان و پاشان لە وەزارەتی کشتوکاڵ.ئەو شارەزاییە زۆرەی هەیەتی لە بواری بەرهەمی ئاژەڵی و پەروەردەکردنی ئاژەڵدا تایبەتە بە عێراقەوە چونکە 50٪ ی داهاتی کشتوکاڵی لە بەرهەمی ئاژەڵیەوە دەست دەکەوێت. دکتۆرە شەریفی زیاتر لە 40 لێکۆڵینەوەی هەیە کە لە گۆڤارە دەوریە عێراقی و

نێودەوڵەتیەکاندا بڵاوکراوەتەوە. بەردەوامە لە سەرپەرشتی کردنی نامەی قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا لە عێراقدا. سەرەڕای لێپرسراوێتی پیشەیی خۆی, سەرنووسەری بڵاوکراوەی دەوری کشتوکاڵی عێراقیە.

## دکتۆر محەمەد عەلی ئەلحەکیم-وەزیری پەیوەندییەکان

دکتۆر محەمەد عەلی ئەلحەکیم, لەم دواییەدا جێگری ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی حوکم و باڵوێز بوو لە وەزارەتی دەرەوە. بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسی لە بواری ئامار لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا بەدەست هێناوەو ماستەری لە زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی بیرمینهام لە بەریتانیا بەدەست هێناوەو دکتۆرای لە (بەڕێوەبردنی زانیاریەکان) دا وەرگرتووە لە زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا. بەڕێوەبەرێکی جیهانی کۆمپانیای نۆرتڵ نێتوێرکس و کامبریج تێکنۆلۆجی بوو. بەشداری لە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تەکنیکیدا کردووە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەناوی کۆمپانیای ئینفۆکلارس. بەشداری لە (پرۆژەی داهاتووی عێراق) دا کرد کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سازیدابوو. ئەندامی زۆربەی ئەو شاندانە بووە کە نوێنەرایەتی عێراقیان کردووە لای کۆمەڵگەی بەخشینی نێودەوڵەتی جیهانی. لە ساڵی 1952 لە نەجەف لە دایك بووە.

## بەڕێز موفید محەمەد جەواد ئەلەجەزائری-وەزیری ڕۆشنبیری

بەڕێز موفید محەمەد جەواد ئەلجەزائری, ساڵی 1939 لە مەدحەتیە لەدایك بووە. لەساڵی 1966 بەڵگەنامەی ماستەری لە ڕۆژنامەوانی لە پراغ بەدەست هێناوە. لە شەستەکان و حەفتاکان دا وەك ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری (ئەلبیلاد) و (14 تەموز) و(تەریقوشەعب) و وەك بێژەرو پەیامنێری بەشی عەرەبی ڕادیۆی چیکۆسلۆفاکیا کاری کردووە. لە ساڵانی نێوان 1982–1988 کۆچی کردووە بۆ کوردستانی باکوری عێراق بۆ پەیوەندیکردن بە ئۆپۆزسیۆنی نهێنی سەدام حسێنەوە. ئەندامی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی دیموکراتی و یەکێتی نووسەران و هونەرمەندانە.

## بەڕێز حازم شعلان-وەزیری بەرگری

بەڕێز حازم شعلان, لە تیرەی غەزەلە. لەساڵی 1972 بەڵگەنامەی لە بواری بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە. پاشان ماستەری لە بەڕێوەبردنی ئابووری دا لە بەریتانیا بەدەست هێناوە. بەڕێوەبەری بانکی کوت و دیوانیە بووە. پاش ئەوەی لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە ناچارکرا عێراق بەجێ بهێڵێت, کۆمپانیایەکی بازرگانی کردنی زەوی و خانووبەرەی لە لەندەن بەڕێوەدەبرد تا کاتی گەڕانەوەی بۆ عێرا ق لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2003. لەم دواییە پارێزگاری قادسیە بوو. لە ساڵی 1956 لەدایك بووە.

## بەڕێز پاسکاڵ ئیشۆ وەردە-وەزیری ئاوارەکان و کۆچبەران

بەڕێز باسکال ئیشۆ وەردە، لێپرسراوی یەکێتی ئافرەتانی ئاشووری بوو لە بەغدا. بەشداری کرد لە دامەزراندنی کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافی مرۆڤ. نوێنەری بزوتنەوەی ئاشووری دیموکراتی بوو لە فەرەنسا کە

بەرزترین پلە بوو بدرێتە ئافرەت لەناو بزوتنەوەی ئاشووریدا کە بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاشووری دێرینە لە عێراقدا. سەرەڕای ئەوە, خاتوو وەردە بەڕێوەبەری کاروباری دەرەوەی کۆمەڵەی هاریکاری ئاشووریە. هەڵگری بەڵگەنامەیە لە پەیمانگای مافی مرۆڤایەتی لە زانکۆی لیۆن لە فەرەنسا. لەساڵی 1961 لە دهۆك لەدایك بووە.

## پرۆفیسۆر سامی ئەلموزەفەر- وەزیری پەروەردە

پرۆفیسۆر سامی ئەلموزەفەر, یەکێکە لە دیارترین شارەزایانی بواری کیمیای ژیانی لەعێراق دا و زۆر ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەبەرەوپێش بردنی کیمیای ژیانی و ئەو بوارانەی پەیوەندیان بە کیمیای ژیانیەوە هەیە وەك لێکۆڵینەوەکانی کیمیای ژیانی مۆلیکوڵی. لە ساڵی 1960 بەکالۆریۆسی شەرەفی لە زانستەکاندا لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و پاشان پلەی دکتۆرای لە پەیمانگای پۆلیتێکنیکی ڤیرجینیا و زانکۆی ولات وەرگرتووە. لەسەرتادا لە کۆلیژی زانست لە زانکۆی بەسرە وەك مامۆستاو لێکۆڵەر کاری کردووە. لە ساڵی 1961 بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەرو لە ساڵی 1979 بووە بە پرۆفیسۆر لە کیمیای ژیانی لە زانکۆی بەغدا. لە ساڵانی 1968–2000 لە کۆلیژی زانستی هەردوو زانکۆی بەغداو بەسرە وانەبێژ بووە. زیاد لە 50 داهێنان و 250 لێکۆڵینەوەی بڵاو کردۆتەوە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری عێراقی بۆ کیمیا و گۆڤاری نیشتمانی عێراقی بۆ کیمیایە.ئەندام و هاوڕێی چەندین کۆمەڵەی عێراقی و جیهانیە.ئەزموونی وانە وتنەوەی زیاتر لە 33 ساڵی هەیە لە لقە جیاجیاکانی کیمیای ژیانی بۆ ئاستەکانی زانکۆو خوێندنی باڵا. لە ساڵی 1940 لە بەسرە لەدایك بووە.

## دکتۆر ئەیهەم ئەلسامەڕائی- وەزیری کارەبا

دکتۆر ئەیهەم ئەلسامەڕائی, دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری بەشی کارەبای زانکۆی بەغدایە. وە هەڵگری بەڵگەنامەی دکتۆرایە لە زانکۆی تەکنۆلۆژی شیکاغۆ. ماوەی 30 ساڵ لەگەڵ کۆمپانیای KSA بۆ بەڵێندەرایەتی کارەبایی کاری کردووەو پاشان بووە بە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە. شارەزایی لە دروستکردنی وێستگەکانی وزەو بەرهەمهێنانی وزەدا هەیە. سەرۆکایەتی کۆنگرەی زانستی بۆ وزەی ناوکی کردووە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی 5 ساڵ و زیاتر لە 30 لێکۆڵینەوەی تەکنیکی بڵاوکردۆتەوە. وەك ئەندامی ڕاپەڕاندنی (ئاراستەی عێراقی دیموکراتی ناوەند) لە ماوەی 12 ساڵی ڕابوردوودا لە زۆربەی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی بەشداری کردووە.

## پرۆفیسۆر میشکات موئمین

پرۆفیسۆر خاتوو میشکات موئمین وانەبێژی یاسایە لە زانکۆی بەغدا و پسپۆڕە لە بواری مافی مرۆڤ دا.ئێستا جێگری بەڕێوەبەری (دامەزراوەی عێراق)ە و ئەندامێکی چالاکی (ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بۆ کاروباری ئافرەتان)ە کە ئەم ئەنجومەنە بریتیەیە لە بەشی سیاسی (ئەنجومەنی باڵای ئافرەتان).

## دکتۆر عادل عەبدولمەهدی – وەزیری دارایی

**دکتور عادل عەبدولمەهدی، ئابووریناس و ئەندامی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق)ە. لە دایکبووی شاری بە غدایە ساڵی 1942. خوێندنی باڵای لە بواری سیاسەت و ئابووری لە فەرەنسا تەواو کردووە و لە چەندین بنکەی لێۆڵینەوە لە فەرەنسا کاری کردووە دواینیان وەك سەرۆکی پەیمانگای فەرەنسی بۆ خوێندنی ئیسلامی و سەرنووسەری چەند گۆڤارێك بە زمانی عەرەبی و فەرەنسی و چەندین کتێبی داناوە. هەر لەمنداڵیەوە چالاکی سیاسی هەبووەو بەند کراوە و ئەشکەنجە دراوە و پاشان لە شەستەکاندا فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچووە. لەکارەکەی دەرکراوەو لە ساڵی 1969 پەساپۆرتەکەی لێ سەندراوەتەوە و ناچارکراوە کە وڵات بەجێبهێڵێت بەرەو تەراوگە لە فەرەنسا. ماوەیەك لە ئێران ژیاوە و پەیوەندی کردووە بە (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق)ەوە. لە ساڵانی 1992–1996 نوێنەری (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) بووە لە کوردستان. جێگری عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بوو لە ئەنجومەنی حوکم.**

## بەڕێز هۆشیار مەحمود محەمەد زێباری

**بەڕێز هوشیار مەحمود محەمەد زێباری، ساڵی 1976بەڵگەنامەی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئوردن – شاری عەممان بەدەست هێناوە و لە ساڵی 1979 ماستەری لە کۆمەڵناسی و گەشەپێدان لە زانکۆی ئێسێکس لە بەریتانیا بەدەست هێناوە. لەساڵی 1979 بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ئەوروپا پێش ئەوەی ببێ بە لێپرسراوی نوسینگەی پەیوەندییە جیهانییەکان لە نێوان ساڵانی 1988 تا 2003. لە 1992 هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی و لە ساڵی 1999 هەڵبژێردرا بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی. لەساڵی 1953 لەشاری ئاکرێ لە دایك بووە**

## دکتۆر عەلائەدین عەلوان - وەزیری تەندروستی

**دکتور عەلائەدین عەلوان، هەڵگری بەڵگەنامەی پزیشکییە لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی ئەسکەندەریەی میسرو بەڵگەنامەی خوێندنی باڵایە لە زانکۆکانی بەریتانیا. ڕاگرو پرۆفیسۆری کۆلیژی پزیشکی زانکۆی موستەنسریە بوو لە بەغدا. نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و سەرۆکی نێردەیەکی ئەو ڕێکخراوە بوو لە ئوردن و عوممان. هەروەها سەرۆکی بەشی نەخۆشیە دریژخایەنەکان و پەتاکان بووە لە نوسینگەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە جنێڤ. چەندین پۆستی لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی فێرکردنی باڵای عێراق وەرگرتووە. هەر چەندە لە بواری پزیشکیدا پسپۆڕە، بەڵام بەشێکی زۆری ژیانی زانستی خۆی لە کاری ئەکادیمیو وانە وتنەوەدا بەسەر بردووە.**

## دکتۆر تاهیر خەلەف جەبر ئەلبەکاء

دکتور تاهیر لەم دواییەدا سەرۆکی زانکۆی موستەنسریە بوو. پێش ئەوەش لە ساڵی 2003 ببێتە سەرۆکی زانکۆ, بۆ ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ لەو زانکۆیە وانەی وتۆتەوە و چەندین پۆستی گرنگی وەرگرتووە: سەرۆکی بەشی مێژوو لە ساڵی 1994 و سەرۆکی لیژنەی هاندانی ئەکادیمی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆلیژ.ئەندامی (یەکێتی مێژوونووسانی عەرەب) و (یەکێتی مێژوونووسانی عێراق) و (یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق)ە. بەڵگەنامەی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرای لە مێژوودا لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە. چەند دانراوێکی هەیە لە بواری مێژووی هەرێمایەتی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە دەوریەکاندا بلاوی کردۆتەوە. لە ساڵی 1950 لە پارێزگای زیقار لە دایک بووە.

## دکتۆر عومەر ئەلفاروق سەلیم ئەلدەمەلوجی - وەزیری نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە

دکتۆر عومەر ئەلفاروق سەلیم ئەلدەمەلوجی, بەڵگەنامەی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرای لە ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە. سەرۆکی بەشی شارستانی زانکۆی تەکنۆلۆژی بووە لە بەغداو سەرپەرشتی 30 قوتابی ماستەرو دکتۆرای کردووە لە بەشی شارستانی زانکۆکانی بەغداو تەکنۆلۆژیو نەهرەین و کوفە.دوو کتێبی نووسیوە دەربارەی میکانیکی خاك. مامۆستای میوان بووە لە زانکۆی هانۆڤەرو سیتی یونیڤێرسیتی لە لەندەن.ساڵی 2000 بووە بە سەرۆکی بەشی شارستانی زانکۆی بەغدا. ئەندامی کۆمەڵەی ئەندازیارانی عێراق و کۆمەڵەی ئەندازیارانی ئەمریکاو یونسکۆ/لیژنەی فێرکردنی باڵای عێراقیيە.

## دکتۆر بەختیار ئەمین – وەزیری مافی مرۆڤ

دکتۆر بەختیار ئەمین, بەڵگەنامەی ماستەر لە بواری کاروباری نێودەوڵەتی ودکتۆرای لە جوگرافیای سیاسی لە زانکۆی سۆربۆن لەفەرەنسا بە دەست هێناوە. هەر لەو ماوەیەدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی خوێندووە لە سوید، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو گەڕایەوە بۆ عێراق و بوو بە ڕاوێژکاری وڵات بۆ کاروباری کۆچکردن و ئاوارەکان و پەنابەران. ئەمینداری گشتی پەیمانگای کوردی لە پاریس و ڕاوێژکاری خاتوو دانیاڵ میتران بوو لە ڕێکخراوی فەرەنسا بۆ سەربەستیەکان. بەڕێوەبەری هاوپەیمانێتی مافی مرۆڤ لە واشنتۆن و بەڕێوەبەری گشتی هاوپەیمانێتی لە پێناو داد لە پاریس و واشنتۆن بووە. لە چەندین کۆنگرەی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا بەشداری کردووە لەوانەش کۆنگرەی مافی مرۆڤ لە ڤیەننا و کۆنگرەی دۆربان لە باشووری ئەفریقا. چەند خولێکی فێرکردنی کردۆتەوە بۆ پەیامنێرو پارێزەرو ئەکادیمیيە عێراقیەکان و چالاکەکانی بواری سیاسی و مافی کەمینەکان لە پاریس و جنێڤ و لەندەن. هەروەها هەستاوە بە گەواهیدان دەربارەی چەند هەڵوێستێکی عێراق لەبەردەم کۆنگریسی ئەمریکی و پەرلەمانی ئەوروپی و ڕێکخراوی هاریکاری عەرەبی. ژمارەیەکی زۆر نووسینی بلاوکردۆتەوە دەربارەی مافی مرۆڤ. خەڵکی کەرکوکە.

## دکتۆر حاچم ئەلحسێنی- وەزیری پیشەسازی و کانزاکان

د. حاچم ئەلحسیەینی ، لە ساڵی 1954 لە کەرکوك لە دایك بووە. زانکۆی موسڵی تەواو کردووە. لە ساڵی 1979 ڕۆیشتووە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ خوێندنی بازرگانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نێبراسکا و بەڵگەنامەی دکتۆرای هێناوە لە بواری ڕێکخستنی پیشەسازی لە زانکۆی کۆنێکتیکیوت. لە چەندین زانکۆی ئەمریکی وانەی وتۆتەوە. بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی ئینتەرنێت بووە و لەم دواییەدا بەڕێوەبەری (کۆمپانیای ئەمریکی بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی) بووە لە لۆس ئەنجلس. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ژمارەیەك لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بووە. بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا کاری کردووەو بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی ڕەسمی حیزبی ئیسلامی عێراقی. لە کۆنگرەی لەندەن دا هەڵبژێردرا بۆ ئەندامێتی لیژنەی بەدواداچوون. جێگری ئەندامی ئەنجومەنی حوکم و جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی حوکم بوو.

## بەڕێز فەلاح حەسەن ئەلنەقیب- وەزیری ناوخۆ

بەڕێز فەلاح نەقیب, سەرکردەیەکی پێشووی ئۆپۆزسیۆنە لە بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقیدا. لە بنەماڵەیەکی سەربازی بەناوبانگی شاری سامەڕایە. لە شەستەکاندا باوکی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە. ئەلنەقیب(تەمەن 48 ساڵ) ڕاهێنراوی بواری ئەندازیاری شارستانیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەم دواییەدا پارێزگاری سەلاحەدین بوو.

## دکتۆر مالك دۆهان ئەلحەسەن – وەزیری داد

دکتور مالك دوٚهان ئەلحەسەن, پارێزەرێکی خاوەن ئەزموونە, لەم دواییەدا کرا بەسەرۆکی (لیژنەی ئەرکە تایبەتیەکان) بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیەکانی ڕژێمی پێشوو. لە سالی 2003 هەڵبژێرا بە سەرۆکی سەندیکای پارەێزەرانی عێراق. دادەنرێت بە یەکێك لە سەرچاوە دیارەکانی یاسای زیانەکان. سەرەتا وەك قازی لێکۆڵینەوە دەستی بەکار کردووە و پاشان بووە بە پڕۆفیسۆری یاسا لە زانکۆی بەغدا. لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا دووجار هەڵبژێردراوە بە ئەندامی پەرلەمان و لەساڵی 1967 کراوە بەوەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن. بەڵگەنامەی دبلۆمی لە یاسای تایبەتی و گشتیدا وەرگرتووە و دکتۆرای لەیاسادا وەرگرتووە لە فەرەنسا. لەساڵی 1920 لە حللە لەدایك بووە.

## لەیلا عەبدوللەتیف - وەزیری کارو کاوباری کۆمەلاَیەتی

## بەڕێز نەسرین بەرواری – وەزیری ئەشغال و شارەوانیەکان

بەڕێز خاتوو نەسرین موستەفا بەرواری, لەساڵی 1967 لە بەغدا لەدایك بووە. لەساڵی 1991 زانکۆی بەغدا کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی و نەخشەی شارەکانی تەواو کردووە. لە ساڵی 1999ماستەری لە

سیاسەتی گشتی و بەڕێوەبردن دا بەدەست هێناوە لە زانكۆی هارڤارد. لەنێوان ساڵانی 1997-1998 بەڕێوەبەری ڕێكخراوی (نوسینگەی مەیدانی بۆ نیشتەجێكرن) ی سەر بە نەتەویەكگرتووەكان بووە لە دهۆك و بەشداری كردووە لە ئاوەدانكردنەوەی 4000 گونددا كە ڕژێمی پێشوو ڕووخاندبوونی. لە ساڵی 1999 پۆستی وەزیری ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدانی حكومەتی هەرێمی وەرگرت.

## سامر عەباس غەزبان - وەزیری نەوت

بەڕێز سامر عەباس, لە ساڵی 1973 وە لە وەزارەتی نەوت ئیشی كردووە. دەستگیر كراوەو لەپۆستەكەی دابەزێنراوە لە وەزارەتدا لەبەر ئەوەی پشتگیری پرۆسەی ڕیفۆرمی دیموكراسی دەكرد. بەڵگەنامەی بەكالۆریۆسی وەرگرتووە لە كۆلیژی زانكۆ لە لەندەن. پاشان بەڵگەنامەی ماستەری وەرگرتووە لە ئەندازیاری عەمبارە نەوتەكان لە كۆلیژی پاشایەتی لە زانكۆی لەندەن. لەو ماوە دوورو درێژەی كە لە وەزارەتی نەوت بووە, وەك ئەندازیاری عەمبارە نەوتەكان, سەرۆكی ئەندازیاریی نەوت و عەمبارەكان, بەڕێوەبەری گشتی لێكۆڵینەوەو پلان دانان, تایبەتمەندی جیۆلۆجی سەرەكی, سەرۆكی دەستەی ڕاپەڕاندن ئیشی كردووە. ڕۆڵی هەبووە لە دانان و بەشداریكردن لە دانانی زیاتر لە 50 لێكۆڵینەوەو ڕاپۆرتی تەكنیكی لەبوارە جیاجیاكانی كێڵگەكانی نەوتی عێراقی دا . لە ساڵی 1945 لە بابل لە دایك بووە.

## دكتۆر مەهدی ئەلحافیز-وەزیری پلان دانان

دكتور مەهدی ئەلحافیز, نوێنەری عێراق بووە وەك وەزیرێكی نێردراو بۆ نەتەوەیەكگرتووەكان لە جنێڤ لە نێوان ساڵانی 1978-1980. پاشان لەگەڵ نەتەوەیەكگرتووەكان كاری كردووە لەبواری بازرگانی و گەشەپێداندا و بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی تایبەت بووە لە 1983-1996. پاشان وەك بەڕێوەبەری هەرێمایەتی بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی كاری كردووە تا 1999. لەساڵی 1996 وە ئەندامی (ئەنجومەنی پشت پێ بەستراوەكان و ڕاوێژكاران)بووە لە پەیمانگای بیری عەرەبیدا. لە ساڵی 1998-2000 سەرۆكی (كۆمەڵەی عەرەبی بۆ لێكۆڵینەوە ئابووریەكان) بووە لە قاهیرە. هەروەها ئەندامی دامەزرێنەری (ڕێكخراوی عەرەبی بۆ مافەكانی مرۆڤ)ە. لە ساڵی 1980 وە جێگری سەرۆكی ڕێكخراوی ئەفریقی ئاسیایی(ئەلتەسامی) بووە. پاش ئەوەی لە زانكۆ بەشی كیمیای تەواو كرد, توانی بەڵگەنامەی دكتۆرا لە زانستە ئابووریەكان لە زانكۆی پراغ بەدەست بهێنێت.

## دكتۆر ڕشاد مەندان عومەر - وەزیری زانست و تەكنەلۆجیا

دكتۆر ڕەشاد مەندان عومەر, ساڵی 1977دكتۆرای هێناوە لە ئەندازیاری شارستانی لە زانكوی لەندەن. تا ساڵی 1999 بەڕێوەبەری لێژنەی دامەزراوە نەوتیەكان بوو. پاشان لە دوبەی كاری كردووە وەك بەڕێوەبەری دامەزراندن لە هەردوو كەرتی تایبەتی و دەوڵەتدا تا كاتی دەست بەكاربوونی وەك وەزیری زانست و تەكنۆلۆژیا لە مانگی ئەیلولی ڕابوردوودا.

## قازی وائیل عەبدوللەتیف- وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگاکان

**بەرێز قازی  وائیل عەبدوللەتیف, لەساڵی 1950 لە بەسرە لەدایک بووە. لەساڵی 1973 کۆلیژی یاسای زانکۆی بەغدای تەواو کردووە و لە ساڵی 1982 دبلۆمی لە پەیمانگەی دادوەری بەدەست هێناوە. قازی بووە لە بەسرەو سەماوە. جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بووە لە ناسریە پێش ئەوەی لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە دەستگیربکرێت و ڕێگای سەفەرکردن و کارکردنی لێ بگیرێت. چەندین بابەتی یاسایی بڵاوکردۆتەوە, بەتایبەتی دەربارەی یاسای خێزان. لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای بەسرەوە هەڵبژێدرا بە پارێزگاری بەسرە.**

## خاتوو نەرمین عوسمان – وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان

**بەرێز نەرمین عوسمان وەزیری پەروەردەی سلیمانی بوو. راوێژگاری وەزارەتی داد و وەزیری کاروباری کومەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. ئەندامی لیژنەی ڕێنمایی و ڕاوێژکاری کۆنگرەی دەنگی ئافرەتانی عێراق بوو لە 2003/7/9. پێش ئەوەی دەست بەکاربێت لە حکومەتدا, پەروەرشیار بووە بۆ ماوەی هەشت ساڵ و پێشمەرگە بووە. بەڕێوەبەری لقی هەولێری ڕێکخراوی مناڵپارێزی و بەڕێوەبەری سەنتەری چالاکی لاوان بووە لە سلێمانی.**

## دکتۆر قاسم داود – وەزیری دەوڵەت

**دکتۆر قاسم داود, خەڵکی ناسریەیە. ساڵی 1971 بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بەغدا کۆلیژی زانست وەرگرتووە. لە ساڵی 1978 ماستەری زانستی وەرگرتووە لە لاودیف. لە ساڵی 1982 دکتۆرای لە مایکرۆبایۆلۆجی و ژینگە وەرگرتووە لە زانکوی وێلز. بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەك زانایەك لە میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان کاری کردووە و ئەمینداری گشتی بزوتنەوەی دیموکراتی عێراقی بوو. لە 1949/4/13 لە حیللە لەدایک بووە. ژنی هێناوەو دوو کچ و کوڕێکی هەیە.**

## دکتۆر مامۆ فەرهام عوسمان پیراڵی

**دکتۆر مامۆ فەرهام عوسمان, هەڵگری بەڵگەنامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی ئینگلیزیو ئەلمانی دا. لەساڵی 1951 لەدایك بووە, لێکۆڵەرو زانای زمانە.**

## بەڕێز عەدنان ئەلجەنابی – وەزیری دەوڵەت

**بەرێز عدنان ئەلجەنابی, ئیشی بازرگانی دەکات لە لەندەن. سەرۆکی عەشیرەتی جەنابییە کە پێك هاتووە لە 750,000کەس. بەڵگەنامەی شەرەفی لە ئابووری دا وەرگرتووە لە زانکۆی لەندن و ماستەری لە تەکنۆلۆژیای نەوت وەرگرتووە لە زانکۆی لەفبۆرۆ لە بەریتانیا. لە حەفتاکاندا سەرۆکی بەشی فرۆشتنی**

**پیشەسازی نەوتی عێراقی بووە. لێپرسراوی بەشی ئابووری و دارایی مەڵبەندی ئۆپێك بووە لە جنێڤ بۆ ماوەی چەند ساڵێك. لەسەرەتای هەشتاکاندا لێپرسراوی پەیوەندیە دەرەکیەکانی وەزارەتی نەوتی عێراقی بووە و لە ساڵی 1996 هەڵبژێردراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی کە تیایدا وەك جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت کاری دەکرد.**

## بەڕێز موحەمەد مستەفا ئەلجەبوری – وەزیری بازرگانی

**بەڕێز موحەمەد مستەفا ئەلجەبوری, لەدایکبووی شاری موسڵە ساڵی 1949. لەساڵی1974 کۆلیژی ئابووری زانکۆی موسڵی تەواو کردووە. لە ساڵی 1983 بڕوانامەی باڵای لە ئابووری دا هێناوە لە زانکۆی گلاسگۆ. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە دامەزراوی گشتی فرۆشتنی نەوت دا ئیشی کردووە. لەساڵی 2003 هەڵبژێردرا بە بەڕێوەبری گشتی دامەزراوەکە.**

## بەڕێز لوئەی حاتەم سوڵتان ئەلئیریس – وەزیری گواستنەوە

**بەڕێز لۆئەی حاتەم سوڵتان ئەلئیریس, جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغداو پارێزگاری هەڵبژێردراوی بەغدا بوو. ئەندازیاری فرۆکەی (بوینگ)و ئێستا بەڕێوەبەری گشتی هێڵی ئاسمانی عێراقی‌یە. لە ڕیزی پێشەوەی لایەنگرانی مافەکانی ئافرەتان بوو لەو کاتەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگا کاری دەکرد, وە زۆر چالاکە لە (لیژنەی ئافرەتان و منالآن)ی سەر بە ئەنجومەنی پارێزگا. وتەبێژ بوو لە دانیشتنی کردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگادا. بەڕێز ئەلئیریسی تەمەن 52 ساڵ, لە کانوونی دووەمی 2004 هەڵبژێردرا بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگا و پاشان لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە هەڵبژێردرا بە جێگری سەرۆك.**

## دکتۆر عەبدوڵلەتیف جەمال ڕەشید – وەزیری ئاودێری

**دکتۆر عەبدوڵلەتیف جەمال ڕەشید, لە ساڵی 1968 بڕوانامەی ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی لیڤەرپول لە بەریتانیا وەرگرتووە. لەساڵی1976دکتۆرای لە ئەندازیاری وەرگرتووە لە زانکوی مانشیستەر.ئەندامی (پەیمانگای ئەندازیارانی مەدەنی) و (کومیتەی نێودەوڵەتی بۆ ئاودێری و ئاوەرۆ)یە.لە بواری ئاودێری و ئاوەڕۆ و ئەندازیاری دەست بەسەرداگرتنی ئاو و بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی کشتوکاڵیدا کاری کردووە. خزمەتگوزاری و ڕاوێژی پێشکەش بە چەندین پرۆژە کردووە لە سعودیە و سۆمال و یەمەنی باشوورو میسر. وتەبێژی ڕەسمی و نوێنەری بەرەی کوردستانی یەکگرتوو بوو لە بەریتانیا لە ساڵی 1978 ەوە. لەساڵی 1944 لە سلێمانی لەدایك بووە.**

## بەڕێز عەلی فایەق ئەلغەبان – وەزیری وەرزش و لاوان

**بەرێز علی فایەق، ساڵی 1955 لە شاری بەغدا لە دایك بووە، لە ساڵی 1977بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری کشتوکاڵی لەزانکۆی بەغدا وەرگرتووە. ئەندامێکی چالاکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق بوو. لە ساڵی1980 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە عێراق دەرکراوە. ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بواری وەرزشی و لاوان دا لەدەرەوەی عێراق، بەتایبەتی لە ئێران، کە لەوێ یارمەتی ئاوارەو پەناهەندەکانی دەدا. سەرپەرشتیاری چەندین یانەی وەرزشی و بنکەی لاوانی ئاوارەکان بووە.**